# گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی نەمسا تووشی شێرپەنجەی گون بووە



گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی نەمسا "هاینز لیندنەر" ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند تووشی شێرپەنجەی گون بووە.

گۆڵپارێزە تەمەن 32 ساڵەکە کە بۆ یانەی سیۆنفی سویسری یاری دەکات دەڵێت پشوویەک لە تۆپی پێ وەردەگرێت.

لیندنەر ڕایگەیاند، "بەداخەوە دەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم کە ئەم وەرزە بۆ من لە یانەی سیۆنفی و تیمی نیشتمانی کۆتایی هات".

ئاماژەی بەوەشکردووە، پزیشکەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا حاڵەتەکەیان دۆزیوەتەوە و پێشبینییە داهاتووەکان ئەرێنییە.

لیندنەر وتیشی، بە پەرۆشم بۆ ئەوەی بتوانم بە تەواوی یاری بکەم و ئامادەبم بۆ وەرزی داهاتوو بۆ یاری کردن.